# دەست بە ئاو بەکارهێنانەوە بگرە
# - پارەت بۆ دەگەرێتەوە





københavns E



## دوو هۆکاری گرنگ هەن بۆ دەست گرتن بە ئاو بەکارهێنانەوە: ژینگە و جزدانەکەت!

**کاتێک کە بەلوعە(بۆری) ی ئاوەکە دەکەیتەوە، جل دەشۆیت یان خۆت دەشۆیت، بە دەگمەن بیر دەکەیتەوە لەوەی کە چەند ئاو بەکاردەهێنیت – یان چەندی تێدەچێت. ئەوە بۆ هەفتە، مانگ و ساڵەکە بڕێکی گەورەی ئاو دەکات و حسابی پسوڵەی ئاوەکەت بە خێرایی زیاد دەکات. ئەگەر دەست بە ئاو بەکارهێنانەوە بگریت، ئەوا پارەشت بۆ دەگەڕیتەوە و بە دڵنیایی باشترە کە پارەت لە دەستدا بێت وەک لەوەی کە بیکەیتە ئاوەڕۆوە!**

**ئاوی ژێر زەوی لە مەترسی پیسبووندایە لە زۆر شوێندا. پیسبوون بە پاشماوەی پیشەسازی و کشتوکاڵ کە بە خاکدا دادەچۆڕن بەرەو ناو ئاوی خواردنەوەمان بە شێوەیەک کە نەتوانی بەکاری بهێنیت. لەبەر ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە کە ئاگامان لەو *ئاوە بێت کە هەمانە*. ئەگەر دەست بە ئاو بەکارهێنانەوە نەگریت، ئەوا دەکەوینە بەر مەترسی ئەوەی کە لە داهاتوودا کەمتر ئاوی پاکمان هەبێت. لە دەرئەنجامدا، لەوانەیە کاریگەری لەسەر ئاوی خواردنەوە هەبێت بۆ منداڵەکانمان و منداڵی منداڵەکانمان.**



## چۆن دەتوانیت دەست بە ئاو بەکارهێنانەوە بگریت ... بەو جۆرە پارەش؟

### لە حەمامدا

- چاویکت لەسەر تەوالێتەکە بیت بزانە ئاوی لیدەچێت یان نا: ئەو تەوالێتەی کە ئاوی لێبچێت، تەنانەت کە هێندە بچووکیش بیت نەبینرێت، هێشتا دەشێت ڕۆژانە نزیکی 300 لیتر ئاوی لێبچێت. ئەوە دەبێتە بری 110 م3 لە ساڵێکدا و پتر لە DKR 4500 لەسەرت دەکەوێت!
- دڵنیای بکە کە بەلوعەلەکە ئاوی لینەچێت. بەلوعەیەکی ئاو لێچوو ڕۆژی 20 لیتر ئاوی لێدەچێت. ئەوە ساڵی DKR 300 لەسەرت دەکەوێت.
- لە کاتێکدا دان دەشۆیت ئەوا بۆری ئاوەکە بگرەوە.
- کاتی خۆشتن بە دوشی حەمام کورت بکەرەوە و لەوکاتانەدا کە بە سابوون  خۆت دەشۆیت ئاوەکە بگرەوە.
- لەبری خۆشتن لە بانیۆدا بە دوشی حەمام خۆت مەشۆ.




### تەوالێتەکان، ئامێرەکانی شتن، بەلوعە ، هتد، بگۆڕە

ئەگەر لە ماڵێکدا دەژیت کە ڕێت پێ دەدرێت ئامێرەکانی شتن یان دەزگاکانی خۆت بیانگۆڕیت، ئەوا بەوە دەتوانیت بەشێویەکی چاک دەست بە ئاوەوە بگریت و بەوەش پارەیەکی باشت بۆ دەگەڕێتەوە بە:

- تەوالێتەکەت بگۆڕە بە وانەی کە کەمتر ئاو بەفیڕۆ دەدەن. تەوالێتە کۆنەکان کە تاکە ئاو پیداکردنێکیان تێدایە هەر جارەی نزیکی 15 لیت ئاو بەفیڕۆ دەدەن، بەڵام بەهۆی تەوالێتەکانەوە کە کەم ئاو بەفیڕۆ دەدەن تۆ دەتوانیت لە نێوان ئاو پیداکردنی 6 یان 3 لیتردا هەڵبژێریت
- دوشێکی ئاو بەکاربهێنە کە ئاو بەفیڕۆ نەدات. ئەمە ئەوە دەگەیەنیت کە بەوە نزیکی نیوەی ئەو ئاوە بەکاردەهێنیت بە بەراورد بە دوشی ئاسایی حەمام، بۆ نموونە لە نێوان 6 بۆ 12 لیتردا لە هەر دەقیقەیەکدا
- ئامێرەکانی جلشتن و قاپ شتن بگۆڕە بەو مۆدێلە نوێیانە، کە ووزە و ئاو کەم بەکاردەهێنن )(نیشانەی - A ی لێدراو)
- Perlators بۆ بەلوعەکان دابنێ – کە هەوا تیکەڵ دەکات- یان بەلوعەکان بگۆڕە بەو بەلوعانەی "دوو- قوناغین" کە دەبێت بەڕاستی بەرز دابنرێت بۆ ئەوەی کە ئاوێکی باشی لێ بێتە دەرەوە.



## لە چێشتخانە (مەتبەخ) دا

- قاپی قوڵ بەکاربهێنە کاتێك سەوزە دەشۆیتەوە
- قاپی قوڵ بەکاربهێنە کاتێک کە بە دەست دەشۆیت
- ئەگەر ئامێری قاپ شتنت هەیە، بە تەواوی پڕی بکە لە قاپ و قاچاخ پێش ئەوەی کە دەستپێبکەیت. پێویست ناکات کە ئاوی زۆربە قاپەکاندا بکەیت. هێندە بەسە کە خۆراکەکەی لێبکەیتەوە. ئامێرەکەت بخەرە سەر پرۆگرامی کورت لە سەر نزمترین پلەی گەرما کە بگونجێت.
- سەوزە لە کەمترین ئاودا کە بکرێت بکوڵێنە- بەوە دەست بە ئاویش و کارەباشەوە دەگریت و لە راستیشدا ئەوە تەندروستترە.



## کاتێکە کە جل دەشۆیت

- ئامیری جلشتنەکەت بە تەواوی پڕبکە
- قۆناغی پێش شتن واز لێبهێنە- ئەوە زۆربەی جار پێویست نییە
- جلوبەرگەکانت مەشۆ مەگەر بە راستی پیس بن
- لە نزمترین پلەی گەرمادا کە بکرێت جلوبەرگەکانت بشۆ- پێویست ناکات کە جل شتن بە ئاوی کوڵاوتوو بێت. زۆربەی جلوبەرگەکان لە پلەی گەرمای 30-40 دا بەتەواوی پاکدەبنەوە.